گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/n952yc02
ڕێــکەوتــی وەرگــرتـن: 10/10/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 29/01/2024
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: 29/08/2025

# بەڵگەکانی تەکفیرکردنی فەیلەسوفان لەلایەن (غەزالی) ٥٠٥ ک – ١١١١ز)
# (فارابی و ئیبن سینا وەك نمونە)

**خالد اسماعيل حمد[١] - کامەران عزیز عبدالله[٢]**
kamaran.aziz@koyauniversity.org - xalidismael.rania@gmail.com
[١+٢]بەشی مێژو، فەکەڵتی پەروەردە، زاکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ناونیشانی ئەم توێژینەوە زانستییە چەند پرسێکی فەلسەفی لەخۆگرتوە، کە فەیلەسوفانی پێش غەزالی تێیدا بەهەڵەچون بەتایبەت پرسی کۆنی گەردون و پرسی زانستی خوای گەورە بە ئاگایە بە هەمەکیەت و بێئاگایە لە هەندەکیەت و پرسی حەشری جەستە. منیش لێرەدا تاوتوێی غەزالیم بۆ ئەم پرسانە خستۆتەڕو، کە چۆن غەزالی لە کتێبی (تهافت الفلاسفە)دا لە بیست پرسدا وەڵامی فەیلەسوفانی داوەتەوە، و لە سێ پرسدا تەکفیریکردون و لە حەڤدە پرسدا گومڕایکردون، هێرشی کردۆتە سەریان و خاڵ بەخاڵ وەڵامی داونەوە بە گوزارشتی توێژەرانی فەلسەفە، ئەم وەڵامانە زەبرێکی کوشندەبون کە غەزالی وەشاندویەتیە فەلسەفەی ئیسلامی دواتر ئیبن ڕوشد ویستی بەر بەم هێرشە بگرێت و وڵامی غەزالی بداتەوە، بۆیە کتێبی (تهافت التهافت) نوسی، لەم کتێبەدا ئیبن ڕوشد خاڵبەخاڵ وەڵامی غەزالی داوەتەوە، سەرزەنشتی غەزالی کردوە، چونکە ڕاستەوخۆ فەلسەفەی ئەرستۆی لە فارابی و ئیبن سیناوە وەرگرتوە، نەگەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکەی فەلسەفەی ئەرستۆ، بۆیە غەزالی هەڵەی فارابی و ئیبن سینای دوبارەکردۆتەوە، لە کاتێکدا ئەم دو فەیلەسوفە بەهەڵە شرۆڤەی فەلسەفەی ئەرستۆیان کردوە و لێی تێنەگەیشتون.
بەگشتی توێژینەوەکە جگە لە پوختەیەك بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە پێشەکییەك و چوار تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە، کە بەمشێوەیە ڕێکخراوە: تەوەرەی یەکەم: میتۆدی غەزالی لە ڕەتدانەوەی فەیلەسوفان. تەوەرەی دوەم: پرسی کۆنی گەردون. تەوەرەی سێیەم: پرسی زانستی خوای گەورە بە هەمەکیەت و بێئاگایی لە هەندەکیەت. تەوەرەی چوارەم: پرسی ئینکاری حەشری جەستە.
**کلیلە وشەکان:** تەکفیر، غەزالی، ئەزەلیەتی گەردون، حەشری جەستە، هەمەکیەت، هەندەکیەت.

**Evidence of The Disbelief of Philosophers by Imam Ghazali (505 AH – 1111 AD)**

## (Farabi and Ibn sinna as examples)

**Khalid Esmail Hamad[1] - Kamaran Aziz Abdulla[2]**

[1+2]Department of History, College of Education, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The title of this scientific research includes several philosophical issues in which the philosophers before Ghazali were wrong, especially in the issue of the antiquity of the universe and the issue of science and God is aware of all and is unaware of unity, and resurrection of body. I have presented here Ghazali's discussion for these issues, how Ghazali answered the philosophers on twenty issues, blasphemed them on three issues, misled them on seventeen issues, and attacked them and answered them point by point

According to philosophical researchers, these answers were a deadly blow that Ghazali dealt to Islamic philosophy. Later, Ibn Rushd tried to prevent this attack and wrote the book Tahaft al-Tahaft, in which he responded to Ghazali point by point and rebuked him

Because Ghazali took Aristotle's philosophy directly from Farabi and Ibn Sina and did not go back to the main source of Aristotle's philosophy. Ghazali repeated the same mistakes of Farabi and Avicenna, while these two philosophers had misinterpreted and misunderstood Aristotle's philosophy.

In general, in addition to an abstract in Kurdish and English, my research consists of an introduction, conclusions, and a list of sources, and four main themes organized as follows:

- The first theme: Ghazali's method of rejecting philosophers
- The second theme / the issue of the antiquity of universe
- The third them / the issue of God's knowledge of universality and ignorance of unity
- The fourth topic / the issue of resurrection of the body

**Keywords:** Takfir (To Excommunicate), Ghazali, Eternity of The Universe, Body Resurrection, Universality, Relativism.

## پێشەکی:

توێژینەوە لە هزری غەزالی تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆیە پێمان گرنگ بو باس لە غەزالی بکەین، چونکە غەزالی هەم لەڕوی هزرو هەم لەڕوی ئەو سەردەمەی هەنگاوی نایە ناو هزر ئیسلامی جیاوازتربو لە فەیلەسوفانی پێش خۆی، هەم لەڕوی هزر و هەم لەڕوی سەردەمەکەیانەوە، ئامانج لەم توێژینەوە ئەوەبو کە غەزالی بۆچی لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (تهافت الفلاسفه) دارمانی فەیلەسوفاندا لەکۆی بیست پرسی کە وەڵامی فەیلەسوفانی داوەتەوە، لە حەڤدە پرسدا فەیلەسوفانی بە بیدعەکار لە سێ پرسی سەرەکیدا فەیلەسوفانی تەکفیر کردوە، ئایا غەزالی ئەم نیشانەی پێکاوە یاخود نەیپێکاوە، ئایا نەدەکرا غەزالی باشتر چوبوایە ناو قوڵایی فەلسەفەو تێڕامانەکانی قوڵتر بونایە، دواتر بڕیاری لەسەر تەکفیرکردن یاخود تەکفیرنەکردنی فەیلەسوفان دابایە، من لەو توێژینەوەیەدا پشتم بەچەند سەرچاوەیەکی ڕەسەن بەستوە، کە زیاتر هی خودی غەزالین وەك (تهافت الفلاسفه، مقاصد الفلاسفه، المنقذ من الضلال) و چەندین سەرچاوەی تری لاوەکی وەك (موقف الامام ابی حامد الغزالی من الفلاسفه) لە نوسینی (موسی بن محمد بن هجاد الزهرانی) و زیاتریش سودم لە کتێبی (الفلسفه والفلاسفه فی المشرق الاسلامی) بینیوە، کە لە نوسینی (ابراهیم محمد ترکی)یە، چەند سەرچاوەیەکیتر، من لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمداوە میتۆدی شیکاری بەکاربهێنین، چونکە بەڕاستی هەر بەڵگەیەك کە غەزالی فەیلەسوفانی پێتەکفیرکردوە، پێویستە شیکاری ئەو بەڵگەیە بکەین و بەدواداچونی بۆ بکەین، ئاخۆ غەزالی چ پرەنسیپێك فەیلەسوفانی تەکفیرکردوە، پێکاویەتی یاخود نەیپێکاوە، دەربارەی گرفتی توێژینەوەش هیچ توێژینەوەیەك نییە دوچاری گرفت نەبوبێت سەرەکیترینیان کە پەیوەست بوە بە غەزالییەوە، کە غەزالی کەلامناسە و شەرعناسە و سۆفییە، لە هەمان کاتیشدا ئەم جەدەلەی نێوان بیرمەندان لەسەر پرسی بە فەیلەسوفکردنی غەزالی یا فەیلەسوفی نەکردنی، کە فەیلەسوف نییە چۆن دەستی بۆ ئەم پرسانە بردوە کتێبێکی لەژێر ناونیشانی (تهافت الفلاسفه) نوسیوە لەسی پرسدا فەیلەسوفانی تەکفیرکردوە، ئەگەر فەیلەسوفە بەبێ دراسەکردنی قوڵی فەلسەفیانە بەبێ ڕۆچون لەو پرسانەدا چۆن فەیلەسوفانی تەکفیرکرد، ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (بەڵگەکانی تەکفیرکردنی فەیلەسوفان لەلایەن غەزالی) ئەم توێژینەوەیە دابەش دەبێت بۆ چوار تەوەرە:

تەوەرەی یەکەم: میتۆدی غەزالی لە ڕەددانەوەی فەیلەسوفان غەزالی لە سەرەتا چۆن وڵامی فەیلەسوفانی داوەتەوە و مەزهەبی فەیلەسوفانی داوەتەوە، هەستا بە دەرخستنی کەموکوڕیەکانیان و ویستویەتی بە میتۆدێکی جەدەلیانە وڵامی فەیلەسوفان بداتەوە.

تەوەرەی دوەم: پرسی ئەزەلیەتی گەردون کە لەو تەوەرەدا غەزالی بەسێ بەڵگە وەڵامی فەیلەسوفان دەداتەوە کە گەردون ئەزەلی نییە و تازەیە.

تەوەرەی سێیەم: پرسی زانستی خوای گەورە بەهەمەکیەت بێئاگای لە هەندەکەیت، غەزالی لێرەدا بەچەند دەقێکی قورئانی وڵامی فەیلەسوفان دەداتە وەکو چۆن دەکرێت کاتێك خوای گەورە ئاگادارە بە هەمو شتێك، فەیلەسوفان بلێین خوای گەورە ئاگادارنییە بە شتە بچوکەکان کە پێچەوانەی دەقی قورئانە.

تەوەرەی چوارەم: حەشری جەستە فەیلەسوفان لەبارەی حەشری جەستە دەڵێن: لەڕۆژی دوایدا ئەوەی حەشری دەکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت ڕوحەکانن نەك جەستە فەیلەسوفان بەچەند بەڵگەیەك پاساو بۆ ئەم پرسە دێننەوە، و غەزالیش و وڵامیان دەداتەوەو تەکفیریان دەکات.

## تەوەرەی یەکەم: میتۆدی غەزالی لە ڕەتدانەوەی فەیلەسوفان:

غەزالی وەك بیرمەندێکی ئیسلامی دوای ئەوەی هەستا بە توێژینەوە لەسەر فەیلەسوفانی پێش خۆی بەتایبەت فارابی و ئیبن سینا، ئەو هزرەی لا گەلاڵە بو ئەوانەی ئەو فەیلەسوفانە دەیلێن پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامییە، بۆیە هەستا بە نوسینی کتێبی (تهافت الفلاسفة)، کە ئامانجی بو بە میتۆدێکی ئەرگۆمێنتسازیانە و لۆژیکیانە وەڵامی فەیلەسوفان بداتەوە، ڕونیبکاتەوە کە ئەوان لە پرسی ئیلاهیاتدا بەهەڵەچون و ویستویانە هزری سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ تێکەڵ بە پرسی ئاین بکەن و لەو ڕەهەندەوە بەلارێماندا بەرن. (خلیف، د.ت: 245).

ئەوەی ڕاستە ئەوەیە غەزالی بەشێوەیەکی ڕەهاو تەواوەتی هێرشی نەکردۆتە سەر فەلسەفەو لقەکانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چونکە غەزالی وەکو فەیلەسوفێك لە باکگراوندێکی فەلسەفیاندا درکی بەوەکردوە کە لۆژیك و ماتماتیك و سروشتگەرایی و مۆراڵ و سیاسەت، بابەت گەلێکن موسڵمانان خۆیان پێوە سەرقاڵکردوەو زاناکان خۆیان فێری ئەم زانستە کردوە، لە باکگراوندێکی ئاینیانەدا سودیان لێوەرگرتوە، هەروەکو چۆن غەزالی بۆ توێژینەوە لە زانستی ئسوڵ فقهە سودی لە زانستی لۆژیك وەرگرتوە، دیارترین کتێب لەو بوارەدا نوسیبیەتی کتێبی (القسطاس المستقیم و المستصفى فی علم الاصول) بوە، بەڵام لێرەدا غەزالی لە کتێبی (تهافت الفلاسفة)دا بەرەوڕوی ئیلاهیاتی فەیلەسوفان دەبێتەوە لە (الفلسفة الاولى) یاخود (المیتافیزیقا)دا و زۆرترین هەڵەی فەیلەسوفان لە بیست پرسدا دەخاتەڕو، لەسێ پرسدا فەیلەسوفان تەکفیردەکات.

1- ئینکاریکردنی زیندوکردنەوەی جەستەو حەشرنەکردنی لەسەر چاکەو خراپەو تەنها ڕوح لێپرسینەوەی لێدەکرێت بەبێ جەستە.

2- کورتکردنەوەی زانستی خوای گەورە لە هەمەکیەتدا و بێئاگابونی خوای گەورە لە هەندەکیەدا.

3- کۆنی گەردون و ئەزەلی بونی (النشار، 1998: 111) .

غەزالی بەوە جیادەکرێتەوە لەوانەی پێش خۆی کە دژی فەیلەسوفان وەستاوەتەوەو داکۆکی لە بیروباوەڕی ئیسلام کردوە، پاساوی بۆ ئیسلام هێناوەتەوە کە فەلسەفە هێرش دەکاتە سەر ئیسلام، زانستی کەلام بەر لە غەزالی قەڵغانێك بوە بۆ پارێزگاری لە ئیسلام دژی هێرشەکانی فەلسەفە، بەر لە غەزالیش هیچ کەلامناسی تر نەبوە بەم شێوەیە هێرش بکاتە سەر فەیلەسوفان و جەنگ لە دژیان ڕابگەیەنێت، هەڵوێستی داکۆیکردنەکەشی ئەوەبو کە بە قوڵی نەچێتە ناو لق و پۆپەکانی فەلسەفەوە، نەبونی خۆپرچەکردن بە چەکێك کە بتوانێت بەر لە فراوانبونی فەلسەفە بگرێت و ڕەخنەی لێبگرێت، بەر لە غەزالیش بێژیاران هەڵوێستێکی داکۆکیکاریان هەبو لەسەر ئەم پرسە و زۆرترین داکۆکیەکانیشیان لاوازبون، چونکە ئامانجیان تەنها ڕەتدانەوەبو بەڵام غەزالی هێرشەکەی چەندین ڕەخنەی لەخۆگرتبو، هێرشێکی بەهێزبو کە چەندین توێژینەوەی زانستی و بابەتی لەسەر پرەنسیپی بەڵگەو بەڵگەکاری هاوشێوەی بەڵگەی فەیلەسوفانی لەخۆگرتبو، بەم شێوەیە غەزالی پەنای بردە بەر فەلسەفە بۆئەوەی بوەستێتەوە بەرامبەر فەلسەفەو داکۆکی لە ئیسلام بکات. (الغزالی، د.ت: 35).

ئەمەش هەڵوێستێکی بەهێزی ئاینی بو بەرامبەر بە فەلسەفە، سەرکەوتنێکی بێوێنەبو بۆ بیروباوەڕی ئیسلامی و گەڕانەوەی متمانەبو بۆ شوێنکەوتوانی و تۆمەتبارکردنی فەلسەفەو سەرکەوتن بو بەسەریدا، ئەوەی شایانی باسە ڕەخنەکانی غەزالی لە باکگراوندێکی پلان بۆ دارێژراوی فەرمی دابو، بەڵام غەزالی لە هێرشکردنە سەر فەیلەسوفان هەڵەشەی نەکرد، لاسایی کەسی تری نەکردەوەو فکری چەقبەستونەکرد، سەرەتا دەستی کردە توێژینەوەی فەلسەفە (خلیف، د.ت: 248).

لەبەرئەوە غەزالی بە ڕاشکاوانە کەوتە دراسەکردنی فەلسەفە و مەعریفەی حەقیقەتی فەلسەفەو ئەزمونی فەلسەفە چونە قوڵایی فەلسەفەوە، بەشێوەیەك دەرخستن تەواو شارەزا بون لە فەلسەفە، پاشان پەلەی نەکرد لە هێرشکردنە سەر فەلسەفە، بەڵکو وای بۆدەچو کە پرسە فەلسەفییەکان بەردەوام شاراوەن و ئاڵۆزن لە ئاستی هەمو کەسێکدا نیین، چونکە کتێبە فەلسەفییەکان بە فۆرمێکی ڕەمزی و هێمای و نارونی نوسراون کە نوسەرەکانیان لە باکگراوندێکی ئەوتۆدا فەلسەفەیان نوسیوە هەمو کەسێك لێ تێنەگات. یاخود لەوانەیە نوسەرەکانیان هەستیان بەم نوسینە نەکردبێت (نجار، 1992: 98) لەبەرئەوە غەزالی کتێبێکی نوسینی و باسی پرسە فەلسەفییەکان و تیۆریە فەلسەفی و فاکتەرەکانی بە شێوەیەکی ئاسان و ڕون خستەڕو، کە هێزو توانایەکی سەرسورهێنەرانەی بەغەزالی بەخشی لە ئاسانکردنی پرسە زانستیەکاندا، بۆیە غەزالی ئەو شورە فەلسەفیەی شکاند کە فەیلەسوفان فەلسەفەیان پێ مۆنۆپۆڵ کردبو، هەستا بە دانانی کتێبی (مقاصد الفلاسفە) کە باس لە چەمکی فەلسەفی و پرسە جیاوازەکان دەکات کە فەیلەسوفانی پێی ناسراون.

بەم شێوەیە بەبێ ڕەخنە غەزالی فەلسەفەی لەم کتێبەدا بەباشترین شێوە خستەڕو کە زۆر باشتربو لەو میتۆدەی کە فەیلەسوفان فەلسەفەیان پێخستبوەڕو، دوای کۆتاییهاتنی ئەم کارەی غەزالی کە گوزارشت بو لەسەرەتایەکی پێویست بو بۆ خستنەڕوی داڕوخانی نرخی زانستی فەیلەسوفان. (الغزالی، 1382: 41).

بەڵام غەزالی لە سەرەتادا ڕەخنەی لەهەمو پرسە فەلسەفی و لق و پۆپی جیاوازەکانی نەگرت، و ئینکار زانسی ماتماتیك و لۆژیك و سیاسەت و مۆراڵ و هەمو ئەو زانستە سروشتیەکانی نەکردو هەموی بە هەڵەدانەنان و تەکفیری نەکردن، هەروەکو چۆن ئەو کەسانەی پێش ئەو زۆرترین کەسانی سەردەمەکەی دژایەتی ئەو زانستانەیان دەکرد، کە زەرەری زیاتر بو لە سودی، کتێب و گوتارەکانیان بەهایەکی زانستیان نەبو، بەڵام غەزالی دانی بەهەمو ئەم بەشە گەورانەی ئەم زانستە دانا، کە باسمانکردن، لە ڕەهەندی ئاینیەوە هیچ ڕەخنەیەکی ئاڕاستەنەکردن، بەڵکو ڕایگەیاند کە پرسێکی بەڵگەکاری بوە و دوای تێگەیشتن لێیان ئینکاریان ناکرێت (ترکی، 2009: 239).

غەزالی وەکو کەسێکی شارەزاو ئاگادار ڕەخنە لە فەلسەفەی مەشائیەکان[2] گرتوە، هیچ کەس تۆمەتباری نەکردوە بە نەزانی و بێئاگابون لە ئامانجە دورەکانی، تەنانەت غەزالی بەرلەوەی سەرکەوتوبێت لە ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی ئیغریقیدا، هەروەکو (فارابی)[3] و (ئیبن سینا)[4] دایانڕشتبو سەرکەوتو بو لە چۆنیەتی پێشکەشکردن و ڕاڤەکردنیدا، هەر لەبەرئەمەیە کتێبەکەی بەناوی (مقاصد الفلاسفە) بە یەکێك لە باشترین ئەو کتێبانە دادەنرێت، کە کەسە پسپۆڕەکان ئامۆژگاری خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەکەن بۆ ئاگاداربون و تێگەیشتن لە فەلسەفەی مەشائییەکان.

یەکەم هەنگاوی ئەو ڕەخنەیەی غەزالی پێی هەستا جیاکردنەوەی زانستەکانی فەلسەفەبو لەگەڵ بڕیاردانێکی تایبەت بۆ هەردانەیەکیان، بۆیە کاتێك باسی زانستە سروشتییەکان دەکات، بەشەکانی دێنێت کە هەندێ پەیوەندی بە لاشەکان و بارودۆخەکان و کانزاکان و گژوگیا و ئاژەڵ و پزیشکی، گەردون و کیمیا و هتد هەیە، هەتا بزانرێت شەرع نایەوێت بەربەرەکانی و نکۆڵی و دژایەتی هیچ کام لەم زانستانە بکات. (بیلکا، 2016: 124).

توێژینەوەو ڕەخنەکانی غەزالی لە میتۆدی فەیلەسوفان گرنگترین قۆناغی بەدواداچونی عەقڵانیەتی ئەوبو، ئەو هەرگیز دژی توێژینەوە فەلسەفییەکان نەبوە، گرنگترین هۆگری بۆ فەلسەفە بەنوسین کتێبی (معیار العلم فی فن المنطق) دەست پێدەکات یەك نامەیەکی تەواوی گرنگە دەربارەی پێوانەی تێڕوانین لە لۆژیکدا، ئەم بەرهەمەش لە مێژوی هزری غەزالیدا یەکەمین هزری کەلامناسییە و لە باکگراوندێکی فەلسەفیانەدا خستویەتیەڕو، بەر لە غەزالی موجەتەهیدانی موسڵمان ترسیان هەبو لە فەلسەفەو بە پرسێکی مەترسیداریان دەزانی، کە خۆیان بۆ ئارگۆمێنتسازی فەیلەسوفان ئامادەبکەن، بەڵام غەزالی وەکو مەزهەبێك شارەزای پرسە فەلسەفییەکان بو زانستی فەلسەفی بەدەستهێناوە: هەربۆیە مرۆڤ ناتوانێت ئاگاداری فەسادی زانستی بێت، مەگەر ئەوەی بەتەواوی شارەزاییەکی تەواوی لە پرەنسیپەکانی ئەو زانستە و یاخود زانستی

بەرامبەری هەبێت، هەتا لەڕوی زانستییەوە لەسەروی ئەوان نەبێت. بۆیە غەزالی تا بەتەواوی لە مەزهەبی فەیلەسوفان شارەزانەبو خۆی لە باسكردنی فەیلەسوفان پاراست (مهدی، 2013: 213).

دواتر غەزالی هەستا بە ڕوبەڕوبونەوەی فەلسەفەی فارابی و ئیبن سینا، بەتایبەتیش فەلسەفەی ئیبن سینا، دواتر فەلسەفەی زانستی لە باگگراوندی بیركاری و (لۆژیك) و سروشت و سیاسەت، ئەخلاق و (میتافیزیكیادا)[5] پۆلبەندكرد، بەدورو درێژی خۆی پێیانەوە سەرقاڵكرد تا بینەر بزانێت بەڕاستی شتی باش و خراپ لەناویاندا هەیە یان نییە، تا غەزالی گەیشتە ئەو ڕاستیەی كە ئەو فەیلەسوفانەی خۆیان سەرقاڵی زانستی بیركری و لۆژیك و سروشتكردوە، بەڕاستییان بزانێت و هەتا لەگەڵ فەلسەفەی سیاسەت و ئەخلاقدا كێشەیەكی نەبو، غەزالی گەورەترین هەڵەی فەیلەسوفانی ئیلاهی لەبارەی میتافیزكیەوە قبوڵكردبو، لە كاتێكدا هەڵەكانیان پێچەوانەی زانستی بیركاری و سروشت بو، نەك لەسەر پرەنسپی بەڵگەی براوەو ئەزمونی سەلمێنراوبێت، بەڵكو لە سەر پرەنسپی گومان و دودڵی بو، بۆیە ئەگەر میتافیزیكی فەیلەسوفان وەكو زانستی بیركاری لەسەر پرەنسپی بەڵگەو بەڵگەكاری یەقینی بوایە، ئەوە فەیلەسوفان لە نێوان خۆیاندا لەسەر پرسی میتافیزیكیا وەك بیركاری ڕێكدەكەوتن، بەڵام بەر لە هەمویان غەزالی نیگەرانی ئەوەبو كە فەلسەفەی فارابی و ئیبن سینا بەبێ هیچ پرس و میتۆدێكی فەلسەفەی پێچەوانەی ئەو پرەنسیپەی بیروباوەڕە ئاینیانەی ناو قورئان وەستاونەتەوە. لە دیدی غەزالیدا فارابی و ئیبن سینا بە جۆرێك سازشیان لە نێوان ئاین و فەلسەفەدا كردوە و عەقیدەی ئاینی ئیسلامیانی لە باگگراوندی فەلسەفەی ئەرستۆی و ئەفلاتۆنیدا گونجاندوە بەم شێوەیە گرفتاری بێ باوەڕی بون (حسن، 2016: 18).

غەزالی لە بیست پرسدا هێرشی كردۆتە سەر فەیلەسوفان هەوڵدەدات ئەوە بخاتەڕو كە كۆی فەلسەفە لەبارەی ئەزەلیەت و ئەبەدیەتی گەردون پوچەڵە، بەو گوتەیەی كە خوای گەورە بەدیهێنەری گەردونە شێونراوە، ئەمەش زۆر ڕونە كە بیروباوەڕی فەیلەسوفان دەربارەی ئەزلیەتی گەردون نەگونجاوە، بۆیە فەیلەسوفان لەسەلماندنی بونی خوای گەورەو تاكیەتی و جەستەكردنی خوای گەورەو بێ ئاگابونی خوای گەورە لە هەندەكیەت و هەروەها بۆچونیان دەربارەی دەرونی هەسارەكان و زانستیان بەهەندەكیەت و ڕەگەزەكانی جوڵەیان پوچەڵە، و ئینكاریكردنی فەیلەسوفان لەسەر زیندوبونەوەی جەستەكان لەڕۆژی دوایدا لەدیدی فەلسەفیەوە بێ بنەمایە. غەزالی فەیلەسوفانی لەسێ پرسدا تەكفیركردوە:

1- لە گوتەی كۆنی گەردون.

2- لە ئینكاریكردنی زانستی خوای گەورە بەهەندەكیەت (الجزئیات).

3- ئینكاریكردن لە حەشری جەستە و لێپرسینەوە تەنها لە ڕوح.

گرنگترین پرس ئەوەی غەزالی جەختی لەسەر كردبێتەوە پرسی كۆنی گەردونەو غەزالی بەشێكی گەورەی كتێبەكەی بە نزیكی یەك لەسەر چواری بۆ ئەم پرسە تەرخانكردوە، ئەم پرسەی ئاین و فەلسەفە یەكێكە لە پرسە دیارو نەگونجاوەكان، بیرمەندان و ئەهلی سونەت ئەزلیەتی گەردون بە مەترسیدارترین تیۆری فەیلەسوفان ناوزەنددەكەن، چونكە بەڕای ئەشعەری و بیرمەندانی ئیسلامی تەنها خوای گەورە بە كۆن و ئەزەلیەت و ناوزەنددەكەن جگە لە خوای گەورە ئەوانەی تر هەمویان تازەو بەدیهاتون (شریف، 1365: 2/ 15).

بۆیە هەرشتێك جگە لە خوا بە كۆن بزانین ئەوە دژی یەكتاپەرستیە، چونكە بەڕای فەیلەسوفان خوای گەورە گەردونی لە ڕابردودا لە زەمەنێكی دیاریكراو لە نەبونێكی پوختەوە نەهێناوەتەبون، بەڵام غەزالی لەسەر پرەنسپی قورئان بەڕاشكاوانە ئەوە ڕادەگەیەنێت، كە خوای گەورە لە ڕابردو لە كاتێكی دیاریكراو لە زەمەنێكی كۆتایی هاتو گەردونی لە نەبونێكی ڕەهاوە هێناوەتەبون، خوای گەورە تەنها وێنەی بەدێنەهێناوە، بەڵكو لە گەڵیدا مادده و زەمەنی وەك پرسێكی سەرەتاو كۆتایی ماددەو زەمەنی وەك پرسێكی سەرەتاو كۆتایی هێناوەتە بون، بۆیە غەزالی لە سیستەمی فەلسەفەی ئەرستۆیدا جگە لە پرەنسیپە سەرەتاكانی لۆژیك و ڕێزمانی قیاسی چی تری قبوڵ نییە مەگەر ناچاربوبێت قبوڵی بكات، لەلایەكیترەوە ئامادەنییە

هیچ یەکێك لە پرەنسیپەکانی ئاین ڕەتبکاتەوە مەگەر بە بەڵگەیەکی لۆژیکی و بەهێز ڕەتبکرێتەوە، چونکە لە فەلسەفەدا شتێك شیاونییە مەگەر ئەوەی لۆژکیەن پێویست بێت لە ئایندا شتێك مەحاڵ نییە مەگەر ئەوەی لۆژیکیەن دژ بەیەك بن، ڕواڵەتیەن ئەم پێوانەیە دوالیزمەو بۆئەوەیە کە ئێمە لەبارەی حەقیقەت و پرسە فەلسەفی و ئاینیەکان تێڕوانینی جۆراو جۆرمان هەبێت (شریف، 1365: 2/ 19).

غەزالی وەکو فەیلەسوفێکی ئاینی مەزن هێرش دەکاتە سەر فەلسەفەو دواتر بەدرێژی دەربارەی پرسە ئاینیەکان نوسیویەتی: لەم بارەوە غەزالی فەلسەفەی ئاین دەناسێنێت و توێژینەوە لەسەر هەمو پرسەکانی فەلسەفەی ئاین دەکات، بەڵام ئەوەمان بیرنەچێت، کە سەرچاوە سەرەکییەکانی گرنگیدانی غەزالی بە کێشە فەلسەفییەکان ئەوەبو کە ویستویەتی کەشفیان بکات بەتایبەتی ئەو پرسە یەقینیانەی پەیوەستن بە ناسینی مەعریفە، یەقینیش لە حەقیقەتی تەسەوفدا نورێکی خوای گەورەیەو لەسنگەوە دەردەچێت و ئەو نورەش لەخۆیدا کلیلی زۆرترین مەعریفەکانە، بۆیە غەزالی دەیەوێت بۆ خەڵکی ڕونبکاتەوە، کە مەعریفە لای فەیلەسوفە عەقڵانیەکان عەقڵە، لەگەڵ ئەوەشدا غەزالی بۆ داڕوخانی هزری فەیلەسوفان عەقڵ دەخاتەکار ئامانجیشی دەرکردنی ئەو هێزە گەورەی عەقڵە بۆ کەشفکردنی حەقیقەتەکان کە بریتییە لە هێزی بینین لای هەندێ خەڵکی تایبەت لەگەڵ ئەوەشدا غەزالی ئەوەمان پێدەڵێت کە عەقڵ ناتوانێت بمانگایەنێتە پرسە غەیبیەکان و لەبەردەم دەرککردنی پرسە مێتافیزیکیەکاندا بێ توانایە لێرەدا توێژەرێك ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە غەزالی فەیلەسوف بو بەو حەقەی کە ویستویەتی فەلسەفە هەڵبوەشێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی کتێبی (التهافت) دەرخستنی عەقڵ بو، بەدەرخستنێك کە بێ توانا بوە لە دەرکردنی حەقیقە ئیلاهییەکان، بۆیە غەزالی هەوڵی داوە کە ڕۆڵی خۆی لە ناسینی پرسە ئیلاهیەکاندا بەخەڵکی بناسێنێت. (دوهیم، 2005: 241).

لە ڕاستیدا غەزالی نمونەی بیرمەندێکی فەیلەسوفی موسڵمان بوە لە خوێندنەوەی پرسە فەلسەفییەکاندا پرسە هزرەکانی عەقڵانیەتێکی فەلسەفیانەی جیاواز داڕشتوە. غەزالی لەماوەی ژیانیدا زۆرترین سەرچاوە فەلسەفیە گرنگەکانی وەرگرتوە لەسەردەمی خۆیدا لەوانە کتێبی (حجج برقلس فی قدم العالم)[6] لەوانەیە غەزالی ویستبیەتی بۆچونی فەیلەسوفان هەڵبوەشێنێتەوە ئەوانەی پەیوەست بە (ئەزەلیەتی گەردون، حەشری جەستە، بێ ئاگابونی خوای گەورە لە هەندەکییەکان) بۆ ئەوەش پشتی بە ڕاڤەی (یەحیای النحوی)[7] بەستوە لەسەر مەزهەبی ئەرستۆ چونکە یەحیای نەحوی لە پرسی ئەزەلیەتی گەردون ڕەدی (برقلیس)[8] داوەتەوە کە باوەڕی بە ئەزەلیەتی گەردون هەبوە. (النجار، 1989: 109-110).

هەربۆیە غەزالی لە هێرشکردنە سەر فەلسەفە و هێرشکردنە سەر فەیلەسوفان بە بەڵگەی عەقڵی بێخەمی نەکردوە، بەم شێوەیە غەزالی بەردەوام بوە لە ڕەخنەگرتن لە فەیلەسوفان شرۆڤەکردنی تا کۆتایی کتێبەکەی (تهافت الفلاسفة) لە هەمو پرسەکاندا پرسێکی ڕەتکاری هەبو کە بیست پرس بوە لە سێ پرسدا تەکفیرکردن و لەوانی تردا بە بیدعەکاری ناوزەندی کردون. (غەزالی، 2018: 38).

## تەوەرەی دوەم: پرسی ئەزەلیەتی گەردون:

دەکرێت ئاماژە بەمە بکرێت کە لە هەمو شتێکدا ئاسانکاری هەیە لەبەرئەوە غەزالی بەشێکی گەورەی کتێبەکەی تایبەتکردوە بەم پرسە، کە فەیلەسوفان بۆ سەلماندنی ئەزلیەتی گەردون پشتیان بە سێ بەڵگە بەستوە:

بەڵگەی یەکەم: ئەگەر گەردون بەدیهاتبێت نوێ بێت: لەبەرچی لە کاتێکدا بەدیهێناوە لە کاتێکی تر بەدینەهێناوە بۆچی ویستی ئیلاهی پێویستی بە بەرەودانی ئەوکاتە هەبوە، چونکە دۆخەکانی خوای گەورە هاوشێوەن یاخود ئەگەر شتێك ئەو بەدینەهێنابێت ئەوە مەحاڵە، چونکە گەردون لە ئێستادا بونی هەیە بە فیعلی و ئەگەر بەردەوام بونی هەبوبێت کە

مەبەست لە ئەزلیەتی جیهانە ئەوە كۆنە، لەلایەكی ترەوە ئەوانەی دەڵێن: گەردون تازەیەو خوای گەورە پێویستی بەشتێك هەبوە كە پێشتر نەبوە، ئەوەش ئەوەیە كە خوای گەورە هێزی خۆی پیشان بدات وەك ئامێرێك یاخود وەك مەبەستێك یاخود وەك دەركەوتنێك، ئەمانەش هەمویان مەحاڵن و تازەیی گەردونیش مەحاڵە، خوای گەورە هەر لە ئەزەلدا كامڵە، لەبەرئەوە ئەو گەردونەشی كە دایهێناوە ئەزەلیە، ئەوە بەڵگەیە بە بەڵگەیەكی سەلمێنراو كە بەڵگەی (العلة)ە هۆكاری بەدیهێنەرە. (غەزالی، 2018: 298).

بەڵگەی دوەم: كاتێك یەكێك دەڵێت گەردون لە پاش خوداوەیە خودا پێشكەوتوە، یان ئەوە دەگەیەنێت كە خودا بە خودی خۆی پێشكەوتوە نەوەك بە زەمەن، هەروەك چۆن ژمارە (یەك) لە پێش ژمارە (دوە)، كە بریتییە لە پێشكەوتنێكی بە سروشت، لەگەڵ ئەوەی كە لە هەبونی زەمەنیدا بەیەكەوەن، هەروەها وەك چۆن هۆكار پێش دەرئەنجام كەوتوە، وەك پێشكەوتنی جوڵەی كەسێك بەسەر جوڵەی سێبەرەكەی خۆی، وەك جوڵەی دەست و پەنجەكان لەگەڵ گوستیلە، جوڵەی دەست لەناو ئاودا لەگەڵ جوڵەی ئاوەكە (غەزالی، 2018: 63).

بەڵگەی سێیەم: هەمو نوێیەك لەمادەیەكی پێشخوی پێكهاتوە ئەو مادەش ئەزەلیە، لەبەرئەوە نوێش بریتی لە وێنەو شكڵ و ڕەگەزو چۆنیەتێك بەبێ ئەو ماددی كە نەگۆڕاوە، كاتێكیش بونەوەر بەرلەوەی بێتەبون (ممكن الوجود)واتا دەكرا بێتە بون یاخود نەدەكرا بێتە بون لەلایەن خوای گەورەوە.

بۆیە ئیمكان بوە بێنە بون پێویسە بەو شوێنەی خۆی وەسف بكرێت، هیچ شوێنێكیش نییە جگە لە (هیولی) واتا ماددەی سەرەتایی (غەزالی، 2018: 78).

ئەمانە ئەو بەڵگانە بون كە فەیلەسوفان پشتیان پێ بەستون لە گوتەی كۆنی گەردوندا، غەزالیش بەو بەڵگانە وەڵامی داونەوە.

**ڕەخنەی بەڵگەی یەكەم:** ئەو شتە چییە كە ڕێگری لەو باوەڕە دەكات بەوەی جیهان بە ئیرادەی كۆن هاتبێتە بون واتا كۆن، كە خوای گەورەیە و تازەی هێناوەتە بون، كە گەردونە، ویستی وابوە لەكاتێكدا بیهێنێتەبون و لەوكاتەدا هێناویەتە بون، بونی گەردونیش بەرلەوەی بێتەبون مەبەستی خوای گەورە نەبوە، پاشان ئامانج و ئیرادەی خوای گەورە وابوە لەكاتێكدا بهێنێتەبون، كاتێك گەردون نەبوە، بەڵگە نییە لەسەرئەوەی گەردون دەستەوستانبوبێت لەهاتنە بون، مەحاڵ نەبوە كە بێتە بون، لەبەرئەوەی شتەكان لەبەردەم خوای گەورە دەستەوستان و دەگۆڕێت بۆ هێزو گەردونیش لە مەحاڵی بونەوە دەگۆڕێت بۆ ئیمكانی بون (غەزالی، 2018: 41) بە میتۆدێكی عەقڵیانەوە سەیربكەین دەڵێن: خوای گەورە ویستی نەبوە، كە گەردون بەر لەزەمەن بێنێتەبون، لەبەرئەوە گەردون مەوجودە و بۆیە ناڵێین خوای گەورە پێشتر ویستی نەبوە گەردون بێتە بون و دواتر هێناویتە بون بەڵكو دەڵێین خوای گەورە هەر لە ئەزەلەوە ویستویەتی گەردون بێنێتە بون، لەوكاتەدا كە دێتە بون، بەڵام ویستی و ئامانجی بوە كە بەدیهاتنەكەی دوابخات، هەڵبژاردنی ئەوكارە لەلایەن خوای گەورە گەڕانەوەبوە بۆ ویستی خۆی، ئەمەش تەنها بێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت دوبارە بەدیهاتوەكان بێنێتەوە بون لە زاتی خۆیدا، دوبارەبونەو گۆڕانكاری لە زاتی خۆیدا ڕوبداتو كاتێك گەردونی بەدیهێناوە لە دوای نەبونەوە، چۆن گۆڕانكاری ڕویداوە لە نەبونەوە بۆ بون واتا گەردون لە نەبونەوە بێتە بون بێ ئەوەی گۆڕان لە ئیرادەدا ڕوبدات؟ بەڵام وڵامی ئەمە داراوەتەوە بەوەی كە فەیلەسوفان پێوانەی ویستی خوای گەورەیان كردوە، كە كۆنە و بەدیهێنەرە بەسەر مەبەستی مرۆڤ كە بەدیهاتوەو تازەیە.

هەروەها گوتراوە ناكرێت تەنها بۆچونی ئەم پێوانە قیاسیە لە بەرچاو بگیرێت لەبەرئەوە دەڵێت فەیلەسوفان باوەڕیان بەوە هەیە، كە خوای گەورە ئاگاداری (هەمەكیەت) و زۆرینەكانە. واتە ئەم فكرەیە ئەو هەمەكیەیە كە كردارێكە لە كەسایەتیەكاندا بێ ئەوەی ئەو فكرەیە لە زاتی خوای گەورەدا هەبێت، لەكاتێكدا ناتوانرێت زانستی خوای گەورە بە یەقینی

ئەژماربکرێت. هەروەکو چۆن زانستی خوای گەورە بەیەقینی کۆن و ئەزلیەو جگە لەوەی زانستی بەدیهاتوەکانیش فرەنین و سنوردارن بەم شێوەیە ئیرادەی کۆن پەیوەستە بە مەبەستی بەدیهاتوە، کە بریتییە لەوەی گەردون بەبێ ویستی خوای گەورە گۆڕانکاری بەسەردانایەت، لەبەرئەوە خوای گەورە بەتوانا بوە لە هێنابونی گەردوندا بەرلەوەی بیهێنێتە بون بێ ئەوەی پێویستی بەوە بوبێت لە کاتێکی تایبەتدا بیهێنێتەبون. لەبەرئەوە گەردون بەدیهاتوە لەسەر ئەو وەسفەی کە ویستی خوای گەورە لەسەربوە (غەزالی، 2018: 43)

## ڕەخنەی بەڵگەی دوەم:

غەزالی پرسیاردەکات: بۆچی فەیلەسوفان خۆیان لەو گوتارە دەدزنەوە کە ڕوبەڕویان بۆتەوە، دەربارەی بەدیهاتو لە بەدیهاتو ئەویش تازە لە کۆن بەدیهاتوە، لەبەرئەوە ئەگەر گەردون کۆن بێت، جوڵە دەوریەکانی هەسارەکانی کۆنن و ئەگەر بەم جۆرە بێت، چۆن ئەوانە بونە بەڵگەیەك بۆ دوبارە بەدیهاتنەوەی ئەو شتانەی کە لە ئەمرۆ و بەیانیدا ڕودەدەن؟ بۆیە لێرەدا غەزالی لەسەر هەمان لۆژیکی فەیلەسوفان قسە لەسەر ئەم پرسە دەکات: کە فەیلەسوفان دەڵێن: جوڵەی هەسارەکان ئەزەلیەو ئەمەش بەهۆی دوبارە نوێبونەوەی بەدیهاتوەکان، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەوە ڕێگر نییە لە پەیوەندی ویستی خوای گەورەو مەبەستی بەدیهاتوە.

پاشان ئاماژە بە ئینکاری فەیلەسوفان دەکات، کە خوای گەورە زەمەنی پێش گەردون خستوە ئەمەش بە واتای ئەوە نییە کە زەمەن بەر لە جوڵەی هەسارەکان واتە بەرلە بونی گەردون بونی هەبوبێت.

غەزالی هەوڵی داوە بێژیارەکان لەو خاڵە بەدوربگرێت، چونکە ڕای بێژیارەکان ئەوەیە، کە خوای گەورە بەر لەزەمەن گەردونی هێناوەتەبون، کەواتە لێرەدا پێشخستن واتایەکی تاکی بە گەردون دەبەخشێت واتا بونی خوای گەورەو نەبونی خودی گەردون (غەزالی، 2018: 45)

## ڕەخنەی بەڵگەی سێیەم:

غەزالی وای بۆدەچێت تا بکرێت ئاماژە بەو بەڵگەیە بکەین: کە شیاو (امکان) توانای ژیری (عقل)ی پەتیە، لەبەرئەوەی فەیلەسوفان بەم شێوەیە ژیریان (عەقڵیان) ناسیوە کە هەرشتێك لە چارەنوسی ژیری (عەقڵ) هاتبێن، ڕێگر نییە لە چارەنوسی، ئەو شتەی ڕێگری دەکات لەبەردەم شتەکان، بونێکی ئەستەمە، شیاو (امکان)ی بونیش ویستێکی عەقڵی یاخود زەینیە، واتا تەنها بونێکی گوزارشت لێکراوە ، پێویست (واجب) و شیاو (امکان) و ئەستەمی بون هەمویان بابەتێکی ژیری (عەقل)ی پەتین و پێویستیان بە بونێکی ديارو بەرچاو نییە تا وەسفبکرێت، ئەم زانستەش بونیان نییە لای ئەزمونەگەراکان ئەوە چۆن دەکرێت فەیلەسوفان بونێکی بینراو وێنا بکەن بە ئیمکانێك، کە لێرەدا ئامانج لە فەیلەسوفانی ئیسلامە هاوشێوەی فاراِبی و ئین سینا کە بەر لە غەزالی بون، کە بڕیاریانداوە ئەو هەمەکیانەی (واتا کاروباری گشتی) تەنها لای ئەزمونگەران بونی هەیە، تەنها بەشێکی تایبەتی هەستیاری نامەعقولە.

سەرەڕای ئەوەش وتەی ئەزەلیەتی ماددە سەرەتایی شتێکی پوچە، لەبەرئەوەی یەك لە پێشەکیەکانی ئەو بەڵگەیە پوچەو کە بریتییە لەو گوتویەی کە دەڵێت: ئیمکان پێویستی بە شوێنێك هەیە کە تێیدا جێبەجێ بێت، ئەمەش باکگراوندێکی گشتی ڕەخنەی غەزالی بو لە بەڵگەی فەیلەسوفان لە ئەزەلیەتی گەردون، کە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لە توێژەران ئاماژە بەو هەوڵەی غەزالی بکەن، کە ڕەخنەکانی لە فەیلەسوفان لەسەر پرسی ئەزەلیەتی گەردون لەسەر بنەمایەکی دەرەکی بوە (غەزالی، 2018: 65)

دەڵێن: غەزالی کاریگەربوە بە (یەحیای نەحوی) کە ڕەدی (بیرقلسی) داوەتەوە دەربارەی کۆنی گەردون، یەحیای نەحوی ئەو کەسەیە کە (جون فیلوبونوس) ناسراوە، کە بیریارێکی مەسیحی بوەو داکۆکی لە گوتەی بەدیهاتنی گەردون کردوە، دژی ئەفلاتۆنە نوێیەکان کە باوەڕیان بە ئەزەلیەتی گەردون هەبوە، بەڵام لەوانەیە بۆچونی یەحیای نەحوی لە جیهانی

ئیسلامیدا، بە بەڵگەیەکی مێژوی سەلمێنراو جێگیرنەبوبێت، سەرەڕای ئەوەش وێکچونێکی فکری و هاوڕایی وێکچونێکی پێشەکیانەی لۆژیکی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، لەبەرئەوە ڕاڤەیەکی لێکچونی و ئەزەلی یەحیای نەحوی لە حەقیقەتی ئەم بۆچونەدا بەرچاو دەکەوێت (حمو، 2015: 73).

## تەوەرەی سێیەم: پرسی زانستی خوای گەورە بە هەمەکیەت و بێ ئاگای لە هەندەکیەت

فەیلەسوفە مەشائیەکانی ئیسلام بە تایبەتی فارابی و ئیبن سینا ئەوانەی شوێنکەوتەی ئەرستۆن وای بۆ دەچن کە خوای گەورە زانایە بە زانستێکی هەمەکی و ئاگادارە بە شتەکان و ناچێتە ناو زەمەنەوەو زانستەکەشی لە نە لەڕابردو ئێستاو داهاتودا جیاوازنییە لە یەکتری، بۆیە دەڵێت: خوای گەورە زانایە بەهەمەکیەت و بێ ئاگایە لە هەندەکیەت، کە ئیبن سینا بە شێوەیەکی تایبەت گرنگی بەم پرسە داوە.

بەڵگەی بۆ ئەم پرسە ئەوەیە: کە زانست شوێنکەوتەی زانینە، کاتێك زانین گۆڕانکاری بەسەردابێت زانستیش دەگۆڕدرێت، کاتێکیش هەندەکیت گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئەوە زانستیش گۆڕانکاری بەسەردادێت، بەڵام گۆڕانکاری لە خوای گەورەدا مەحاڵە، بەڵام غەزالی لێرەدا بۆچونی فەیلەسوفان لەم تەوەرەدا بەگیرانی خۆر ڕوندەکاتەوە، کاتێك ڕۆژ دەگیرێت پاشان جارێکی تر دەردەکەوێتەوە.

ئەم دۆخەش سێ جار ڕودەدات بەوەی (ڕۆژ دەگیرێت و دەردەکەوێتەوە، دەگیرێت و دەردەکەوێتەوە دەگیرێت و پاشان دەردەکەوێتەوە) ئەمەش بەسێ جۆری جیاواز بەدواداچونی بۆ کراوە، بەڵام زانستی خوای گەورە لەو سێ دۆخە جیاوازە بەوەی کە خوای گەورە بە گیرانی ڕۆژو هەمو سیفات و ڕەگەزەکانی ڕۆژ ئاگادارە، لەبەرئەوە زانستی خوای گەورە بەوە وەسفکراوە، کە لە ئەزەلدا نە جیاوازەو نە گۆڕانکاری بەسەردادێت، ڕۆژو مانگیش ئامادەن و بونیان هەیەو دەجوڵێن و خاوەن جوڵەیەکی دەورین، خوای گەورە ئاگادارە بە گێڕانی ڕۆژ و پێش گیران و ئەو دۆخەی تێدا دەگیرێت و دەردەکەوێت، ئەمەش زانستێکە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، لەبەرئەوە هیچ جیاوازی و گۆڕانکاریەك لەزاتی خوای گەورەدا ڕونادات، لەبەرئەوە خوای گەورە بە زانستێکی هەمەکی ئاگاداری هەمو ڕوداو گۆڕانکاریەکانە، بەم شێوەیە ئاگاداری هەمو کارو هۆکاری ئەو هۆکارانەشە. (غەزالی، 2018: 198)

بۆیە فەیلەسوفانە دەڵێن خوای گەورە کارەکانی زەید و عەمر و خالد نازانێت، لەبەرئەوەی خوای گەورە بە زانستی هەمەکی مرۆڤەکان دەناسێت، سیفەت و تایبەتمەندیەکانیان دەزانێت و ئەوەش دەزانێت کە پێویستە جەستەی مرۆڤ لەچەند بەشێك پێکهاتبێت. کەهەندێکیان بۆ بەکارهێنانی هێزو هەندێکیان بۆ هەستکردنن هەروەها هەندێکیان تاك و هەندێکیان جوتن، پێویستە تواناکانی لەناو بەشەکانی جەستەیدا دابەش بوبن، ئیتر بۆ هەمو سیفەتە ناوەکی و دەرەکییەکانی تری مرۆڤ و سیفەت و پێداویستیەکانی بەهەمانشێوەیە، بۆئەوەی هیچ شتێك لە زانستی ئەو بەدەرنەبێت و بە شێوەیەکی هەمەکی بیانزانێت، بەڵام ئەو شتەی کەسایەتی عەمری لە کەسایەتی زەید جیادەکاتەوە بریتییە لە هێزی (هەست) نەك هێزی (عەقڵ) لەبەرئەوەی خاڵی سەرەکی جیاکەرەوە بریتییە لە ئاماژەکردن بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو، عەقڵیش درك بە شوێنی هەمەکی و ئاڕاستەی پەتی و هەمەکی دەکات(غەزالی، 2018: 213-214).

کەوابێت خوای گەورە نابێت هەریەکێك لە پێغەمبەرانیش بەتەنها بناسێت لەبەرئەوەی بۆ زانینیان پێویستە بگەڕێنەوە بۆ مەعریفەی هەستەکی لەبەرئەوە خوای گەورە بەشێوەیەکی هەمەکی تەنها زانایە بە داوای پێغەمبەران، نەك تاك تاکی پێغەمبەران.

غەزالی ئینکاری ئەو گوتەیەی فەیلەسوفان ناکات بەوەی، کە زانستی خوای گەورە کۆنە و گۆڕانکاری بەسەردانایەت، لەبەرئەوەی بە کۆڕا نەفیکراوە، کە زانستی خوای گەورە گۆڕانکاری بەسەردابێت، لەبەرئەوەی گۆڕانکاری دەبێتە هۆی

ئەوەی کە خوای گەورە زانستی بە بەشێك هەبێت کە پێشتر نەیزانیوە، کەواتە گۆڕانکاری لە ڕوداوە پێش بینیەکاندا ڕودەدات نەك لە زانستی خوای گەورەدا، بۆیە غەزالی بەم دو نمونەیە باسی دەکات:

یەکەم: گریمان کەسێك ڕوی لە ڕاستەو پاشان ڕوی دەگۆڕێت بۆ چەپ، ئەوەی لێرەدا ڕونە ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە خوای کەسەکەدا ڕوی نەداوە کە لە دۆخێکەوە چۆتە دۆخێکی تر، هەتا گواترابێت گۆڕاوێك گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە کە پێویست بوبێت گۆڕانکاری لە زانستی ئەو کەسەو ئەو دۆخەی تێیدایە بگۆڕێت ئەمانەش زیادەیەو شتێکی تایبەتن، هەتا کاتێك لێرەدا گۆڕانکاری کە کەسێکی جوڵاودا ڕودەدات، ئەمەش گۆڕانکاریەك بوە تێیدا بێئەوەی ئەو بگۆڕدرێت، بەم شێوە زانستی خۆرگیران و دەرکەوتنی زیادەیەکی بەتین و پێویست ناکات کە خودی زانا بگۆڕدرێت.

دوەم: کاتێك زانستی زەید بەیانی ئامادەدەبێت ئەوە بە نسبەت خودی خۆی و هیچ گۆڕانکاریەك لەزانستی ئەودا ڕونادات لەکاتی ئامادەبون و دوای ئامادەبونی لەبەرئەوە زانستی خوای گەورە بەر لەڕوداوی شتەکان کەوتوە، پێویست نەبوە لە گۆڕانکاری لە زاتی خوای گەورەدا ڕوبدات، کاتێك گۆڕانکاری لە دۆخی شتەکاندا ڕودەدات، بۆیە کاتێك زانستە هەندەکیەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، دەکرێت هەمو زانستە تاك و جێگرەکان لەخۆی بگرێت(الغزالی، د.ت: 149).

ئەوەی ڕاستیە فەیلەسوفان زانستی خوای گەورەیان بە زانستی مرۆڤ پێوانە کردوە، لە کاتێکدا پێشبینی کردنی زانستی مرۆڤەکان بۆ ڕوداوێك داهاتو گومان و خەمڵاندنێکە لە ڕابردودا نەگەیشتونەتە یەقین کە ئەوشتە ڕودەدات و زانیاریان لەسەربێت، لەبەرئەوە زانینی شتە زانراوەکان لە داهاتودا گۆڕانکاری بەسەردادێت لە دۆخێکی گوماناویەوە بۆ دۆخێکی یەقینی، بۆیە کاتێك گۆڕانکاری بەسەر دۆخە زانراوەکاندا دێت (غالب، د.ت: 11) لە داهاتودا بە واقعی ڕودەدەن بەم شێوەیە، زانستی خوای گەورە پێوانە دەکرێت بە زانستی مرۆڤەوە، پاشان فەرزدەبێت کە زانستی خوای گەورە بە نسبەت دۆخ و زەمەن گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەبەرئەوە غەزالی لە پراکتیزەکردنی ئەو پێوانەدا هەوڵیداوە ئەوە ڕون بکاتەوە ئەو شتەی کە گۆڕانکاری بەسەردادێت بریتییە لە شتە زانراوەکانی مرۆڤ نەك لە خودی زانراوەکەدا، پاشان ئەو شتە پێوانە بکرێت بە زانراوی ئیلاهی.

کەواتە ئەوەی فەیلەسوفان بۆی چون ئەوەیە کە خوای گەورە بێ ئاگایە لە گۆڕانکاری هەندەکیەکاندا وە چۆن زانستی بە هەمەکیەت و ڕەگەزەکانیان و جۆرەکانیان هەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارانە دژی جۆرەکانی ڕوەکە جیاوازەکان و جۆری ئاژەڵە جیاوازەکان و جۆری ئاژەڵ و جیاوازیەکانیان بوە، ئایا جیاوازی لە نێوانیاندا پێویستی کردوە جیاوازی هەبێت لە زانستی خوای گەورەدا بەڵکو جیاوازیەکە لەنێوان ڕەگەزو جۆرەکانیانە بە جیاوازیەکی زۆر کە لە دۆخ و زەمەنی جیاوازدا لە شتێکدا ڕودەدەن، ئەمە ڕەخنەیەکی تری کۆتایە کە غەزالی ئاماژەی پێ دەکات و درێژەی پێدەدات سەرەڕای ئەوەش کە فەیلەسوفان پشتیان بەم گوتەیە بەستوە کە خوای گەورە بێ ئاگایە لە زانستی هەندەکیەت لەسەر بنەمای ئەو گوتەیە کە مەحاڵە بەدیهاتو (تازە) لە کۆن بەدیبێت، لەبەرئەوەی کۆن لە زەمەندا کۆتایی نایەت لەکاتێکدا بەدیهاتو لە هەمو ڕەهەندێکەوە کۆتایی دێت، کەواتە چۆن زانستی خوای گەورە پەیوەست دەبێت بە زانستی بەدیهاتوەکان؟ بەڵام غەزالی بەهەمو شێوەیەك ئەم گوتەیە پوچ دەکاتەوە، بەم شێوە ڕەخنە لە فەیلەسوفان دەگرێت کە دەڵێن گەردون ئەزەلییە، سەرەڕای ئەوەش فەیلەسوفان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سوڕانەوەی هەسارەکان کۆنەو لە زەمەندایە زەمەنیش ئەزەلیە، بەڵام غەزالی ڕوبەڕویان دەبێتەوە بەو گوتەیەی کە چۆن سوڕانەوەی هەسارەکان دەبێتە ئەزەلی چونکە دەرکەوتنی خۆر لە ڕۆژدا کارێکی نوێیە.

بەڕاستی فەیلەسوفەکان لەدیدی غەزالید کاتێك دان بەوەدەنێت لە بەدیهاتوەکان لە ئەزەلیەت و کۆن بەدیهاتون و کاری کۆتایی هاتن پەیوەست دەبێت بە کاری ئەزەلیەتەوە، پاشان چۆن دان بەوەدا دەنێت کە زانستی خوای گەورە ئەزەلیە بە زانراوە بەدیهاتوەکان، ئەمەش نابێتە ئەوەی کە خوای گەورە زانستی هەبێت بە هەندەکیەت بێ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییە

پێویست بکات کە خوای گەورە گۆڕانکاری بکات یاخود ئەو گۆڕانکارییە لە زاتی خۆیدا ڕوبدات پاشان غەزالی بەڵگەیان بۆ دێنێتەوە کە خوای گەورە زانایە بە هەندەکیەت و دەفەرموێت(**لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَلَا أَصْغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْبَرُ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ)** (سورة سبأ، 3) واتا: لە خوای گەورە ون نابێت قورسایی گەردیلەیەك لە ئاسمانەکان و زەویدا بچوکترو گەورەت لەوەنییە. (**وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَ يَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَ يَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ)** (الانعام: 59) واتا: کۆگای هەمو نهێنی یەکان هەرلای خوایە کەس نایانزانی بێجگە لەخوای گەورە، خوای گەورە دەزانێت چی لە وشکانی و دەریادا هەیە، هەر گەلایەك بکەوێتە خوارەوە خوای گەورە پێی دەزانێ، هەر دانەوێڵەیەك لە تاریکی یەکانی زەویدابێت هەر تەڕو وشکێك بێت هەر هەمویان لەکتێبی ئاشکرادان(لوح المحفوظ) هەرچەندە فارابی و ئیبن سینا ئینکاریان نەکردوە کە خوای گەورە زانا نییە بە زانستی هەمەکی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەڵێت زانستی خوای گەورە جیاوازە لە زانستی مرۆڤ (غالب، د.ت: 108).

## تەوەرەی چوارەم: پرسی ئینکاری حەشری جەستە:

فەیلەسوفە مەشائیەکانی ئیسلام ئینکاری هەمو پرسە هەستیەکان دەکەن لە قیامەتدا، هەروەها ئینکاری زیندوبونەوەی جەستەکان دەکەن هەروەك چۆن ئینکاری بونی بەهەشت و دۆزەخ و ئەو دو پرسە گرنگە دەکەن، باوەڕیان وایە ئەوەی زیندو دەکرێتەوە تەنها ڕوحەکانن و پاداشت و سزا وەردەگرن، واتا ئەم پرسە پرسێکی ڕوحیە پەیوەست نییە بە جەستەوە.

بە پشت بەستن بەچەند خاڵێك ئینکاری زیندوبونەوەی جەستەکان دەکەن:

**یەکەم:** چێژە عەقڵی و ڕوحییەکان باشترن لەچێژە جەستەییەکان، چونکە سزا جەستەییەکان کەمترن لە سزاو ئازاری ڕوحەکان یاخود عەقڵییەکان.

**دوەم:** جەستە لە ژیاند بۆتە زیندانی و ئاستەنگێك بۆ دەرون و ڕوح کە نەتوانێت درك بە حەقیقەتی شتەکان بکات، نەتوانێت چێژ لە تێڕوانینی عەقڵیە پەتیەکان وەربگرێت.

**سێیەم:** دۆخی فریشتەکان زۆر باشترە لە دۆخی زیندەوەرانی تر، لەبەرئەوەی چێژی فریشتەکان نمونەیەکی تایبەتکراوە بۆیان کە ئاگاداری حەقیقەتی شتەکان بن، هەروەها نزیك بن لەخوای گەورە، چونکە ئەمانە تەنها ڕوحن و جەستەنین

**چوارەم:** ڕوحەکان لە شەرعدا باسکراون کە وێنەیەکی هەستین لە بەهەشت و دۆزەخدا، ئامانجیش لەم نمونەیە کە بۆ ئەو کەسە کەم عەقڵ و عەوامانەی کە کەمتر درك بە چێژە عەقڵیەکان دەکەن، هەروەکو چۆن لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین ئایەتی وێکچوێنراو (التشبیە) هاتوە، لەبەرکەم تێگەیشتنی مرۆڤەکان لەم ئایەتانە پێویستە تەئویل بکرێن، بەڵام غەزالی لە کۆتاییدا ئینکاری جۆرێك چێژە ڕوحیانە ناکات کە باڵاترن لە چێژە هەستیەکان، هەروەها ئینکاری مانەوەی دەرونیش ناکات دوای لەناوچونی جەستە، بەڵام غەزالی وای بۆدەچێت شتێك نییە ببێتە ڕێگر لە بەردەم بەختەوەری ڕوح و جەستە یاخود نارەحەتی ڕوح و جەستە لە قیامەتدا. (غەزالی، 2018: 314) .غەزالی پێ بەرییە لەو بۆچونەی کە پێی وایە خوای گەورە لە قورئاندا بەڵێنی بە باوەڕداران دەبێت، کە چێژو خۆشیەکان تەنها چێژ و خۆشیەکی هەستی بن هەروەك چۆن بۆ بێ باوەڕانیش سزاکان سزایەکی هەستی بن ئەمەش بەڵگەنییە لەسەرئەوەی نەفی بەشەکەی تری کردبێت کە ڕوحە، بەڵکو پاداشت و سزا بۆ ڕوح و جەستەیە نەك تەنها یەکێکیان، لەبەرئەوە لە ئایتە وێکچوەکاندا وێنەیەکی هەستیمان نییە لەوەسفکردنی بەهەشت و دۆزەخدا بەڵکو پێویستە تەئویل بکرێن، لەبەرئەوە عەقڵ بەڵگەیە لەسەر

مەحاڵی بونی دەموچاو دەست و شوێن لە وەسفی خوای گەورەدا، هەروەك ئەو وێکچواندانەی کە عەرەبی خۆیان پێوەگرتبو لە زاراوەکانیاندا.

بۆ ئەم کارەش پێویستە تەئویلی ئایەتەکانی وێکچواندن (التشبیه) بکرێت، لەبەرئەوە لێرەدا بەڵگەیەکی عەقڵیمان نییە لەسەر مەحاڵی بونی بەهەشت و دۆزەخ، کە هەستی بن، ئەوەش چێژو خۆشیە یاخود سزایە لە قیامەتدا، بەڵام لە حەشرو زیندوبونەوەدا، فەیلەسوفان ئینکاری پێویست بونی زیندوبونەوەی جەستەیان کردوەم لەسەر دو پرەنسیپ.

**یەکەم:** ئەوشتەی دەرون پشتی پێ دەبەستێت لە گوتەی ئەزەلیەتی گەردون: واتا پێشبینیان لە دوبارەبونەوە یاخود بەدیهاتنەوە پێویستی بەوە هەیە کە گۆڕانکاری لە ویستی خوای گەورەدا ڕوبدات، لەکاتێکدا سروشتی کارەکانی خوای گەورەش لەسەر یەك میتۆد بەڕێوەدەچێت، ئەمەش شتێکی نەبوە عەقڵ ڕێگە بەوە نادات کە جەستە لەدوای مردنی جارێکی تر زیندو بکرێتەوە، چونکە دەبێتە خۆڵ و بەبادا دەڕوات، دوبارە بەدیهێنانەوەی جەستەش بریتییە لە بەدیهێنانەوەی نمونەیەك ئەو شتەی کەبوە نەك خودی شتەکە واتا ئەوەی زیندو دەبێتەوە وێنەی جەستەیە نەك خودی جەستەکە خۆی و پاشان گوتەی زیندوبونەوەی جەستەکان وەك گوتەی (تەناسوخ) واتا نەفسی مرۆڤ کاتێك دەمرێت ئەو نەفسە دەچێتە جەستەیەکی ترەوە.

**دوەم:** فەیلەسوفان پشتیان بە زەروریەتی هۆکاری یاخود زەروریەتی نێوان (العله و المعلول) بەستوە: ناکرێت جەستە تەنها ئێسك و گۆشت و خوێن بێت، چونکە ئەو مادده خواردنانە لەسەر گۆشتی ئاژەڵ و ڕوەك و زەوین، برەو بەجەستە دەدەن کاتێك مرۆڤ لەو نوطفەوە دەبێتە کۆرپەلەیەك و پاشان دێتە دنیاوە، منداڵە و دواتر گەنجەو دواتر پیرە، پێویستە ئەم گەشەکردنە هەمو بەشەکانی بگرێتەوە، ئایا ئەو ئەندامانەی چاودێرین و کاریگەریان لەسەر هەندێکی تریان هەیە هەتا ڕێڕەوی مرۆڤ دەگۆڕن لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر، ئایا ئەمانە هەمویان بەدیدێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا؟

بەڵام غەزالی لەسەر پرەنسیپی ئەم دو خاڵە ڕەخنە لە ئینکاری فەیلەسوفان دەگرێت دەربارەی حەشری جەستەکان (غزالی، ٢٠١٨: ٣٢١-٣٢٢) کە لەناودەچن، بەڵام ئەو گوتەیەی کە پێیوایە ئەو شتەی عەقڵ ڕێگە بەوەنادات کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بە پشت بەستن بەوەی کە بینراوە لەو دنیایەدا، لەبەرئەوە پێویستە فەیلەسوفان ئینکاری کۆتایی گەردون بکەن باوەڕیان بەوە هەبێت کە ئەم گەردونە هەتا هەتایە گۆڕانکاری بەسەردانایەت، لەسەر ئەو میتۆدە فەیلەسوفان باس لە ئەزەلیەتی گەردون دەکەن، و باس لەوە دەکەن کە ڕێڕەوی شتەکان لە سەر یەك میتۆدە. بەڵام غەزالی لەسەر پرەنسیپی ئەم بەڵگە قورئانیەیە وڵامیان دەدایەوە، کە دەفەرموێت : (**فَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً**) (فاطر: 43) (واتا باوی یاخو سونەتی خوای گەورە هەرگیز گۆڕانکاری بەسەردا نایەت). بەڵام غەزالی دروستی ئەم ئایەتە دەخاتەڕو، وای بۆدەچێت کاتێك گەردون (ممکن الوجود) بێت، کە گوتەی فەیلەسوفانە: بەڵام (ئیمکان الوجود) لەڕوی زەمەنەوە سێ جۆرە: بەشێکیان ئەوەیە، کە گەردون بەر لەوەی بێتەبون خوای گەورە تەنها بوە هیچی لەگەڵ نەبوە، بەشی دوەم دوای هاتنەبونی گەردون لەسەر ئەو شێوەی لەسەریەتی، بەشی سێیەم بەشەکەی تری گەڕانەوەی جەستەکانە لە دوای مردنی وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً) ئەوە واتای ئەوەیە کە ویستی خوای گەورە ئەزەلیەو گۆڕانکاری بەسەردانایە بە گۆڕانکاری مەبەستەکان، ئەمە واتای ئەوە نییە کە شتێك لەناوچو جارێکی تر نەیەتەوە بون.

پاشان فەیلەسوفان دەڵێن پەرەنسیپی مرۆڤ دەرونە، واتە دەرون جەوهەری مرۆڤە، ئەمەش واتا بۆ مرۆڤ تەنها دەرونەکەیەتی واتا جەوهەری مرۆڤ دەرونە کە بەهۆی جەستەوە شێوێنراوە، غەزالی ئینکاری لە تەناسوخ نەکردوە لەم جیهانەدا، بەڵام لەبارەی زیندوبونەوەی جەستەکان غەزالی ئینکاری ئەوەی نەکردوە کە ئەم پرسە بەناوی تەناسوخەوە ناوبنرێ یاخود نا، بەڵام ئەوەی ئاماژەی پێکراوە لەوەدا ئەوەیە کە غەزالی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە بەناوی تەناسوخەوە ناوبندرێت لە دوارۆژدا، لەبەرئەوە ئەو پرسە لە پێشترەو شایەنی ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ هێزی خوای گەورە کە ڕەهایە،

فەیلەسوفان ئینکاری ناکەن، هێزی ئیلاهی هێزێکی ڕەهایە و ممکینێکی بیروباوەڕییە بە ئیمکانێکی زاستی و شتێکە وێنەی نییە لە شتەکانی تردا (عبدالمهیمن، 2000: 178).

سەرەڕای ئەوەش توێژەرێک پێیوایە کاتێك هێزی خوای گەورە ماددەیەك بێت و لەناو نەچێت بەپێی لۆژیکی زانستی نوێ بە شێوەیەك کە زنیدو بونەوەی جەستەکان هەڵدەوەشێن شی دەبنەوە دوبارە نابنەوە شتێکی تر، پاشان زیندودەکرێنەوە وەکو خۆیان نەك بەشێوەیەکی تر ئەم کارەش پێشتر غەزالی ڕەخنەی لە فەیلەسوفان گرتبو لەسەر ئینکاریکردنیان لەسەر زیندوکردنەوەی جەستەکان ئەو ڕەخنە سەرەکیەی دوەمیشی ئەوەبوە کە پشتیان بەو گوتەیە بەستوە کە غەزالی وای بۆدەچێت پێشبینی کردنی فەیلەسوفان بۆ جەستە بەوەی خۆراك وەردەگرێت لە پارچە گۆشتێکەوە دەبێتە کۆرپەلەو لە بچوکیەوە گەورە دەبێت بە گوزارشتی ئەوەی کە ئەم کارە حەتمیە و دەکرێت دژایەتی ئینکاری بونی پێویستی (علة) هۆکاریەتی بکرێت، لەبەرئەوە غەزالی و ئاماژە بە گەڕانەوەی ئەو فکرەیە دەکات کە تێکدەری پێویستی نێوان علە و معلول)ە، بۆیە ئەوە پێویست نییە بابەتی پێگەیشتنی مرۆڤە لە قۆناعەکانی بونیدا، بۆیە دەکرێت بڵێین خوای گەورە دەتوانێت جارێکی تر جەستە بەدیهێنێتەوە بەبێ ناوەندگیرو بەبێ هۆکار. ئەگەر پێشبینی بکەین مرۆڤێکی تەواو بەدی دێتەوەو وەکو شێوەی ئێستای، لەبەرئەوە فەیلەسوفان ئینکاری ئەوە دەکەن کە پێویستە گەشەکردنی مرۆڤەکان چەند لە پارچە گۆشتێکی لەیەکچو ببێتە پێکهاتەیەکی چەند ئەندامێکی جیاواز لە گۆشت و خوێن و دەمار و ئێسك و چەوری، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە لە ژیاندا بەرچاو دەکەوێت، کەواتە چۆن فەیلەسوفان ئینکاری ئەو هێزە دەکەن لەسەر ئەوەی خوای گەورە بتوانێت جەستەکان زیندو بکاتەوە بۆ جارێکی تر بەبێ ئەو قۆناغانە یاخود بەبێ هۆکار (غەزالی، 2018: 323-324).

## ئەنجام

ئەگەر سەیری فەلسەفەی ئیسلامی بکەین، توێژەران بێ بەدواداچون و قوڵبونەوە لە فەلسەفەی غەزالی، ڕەخنە لە غەزالی دەگرن، لەسەر پرسی تەکفیرکردنی فەیلەسوفان بەتایبەت فارابی و ئیبن سینا، بەوە تاوانباریان کردوە، کە لە (تهافت الفلاسفە)دا فەیلەسوفانی تەکفیرکردوە لە سێ پرسدا:

یەکەم: پرسی ئەزلیەتی گەردون. دوەم: بێ ئاگایی خوای گەورە لە هەندەکیەت. سێیەم: حەشری جەستە

لەهەرسێ پرسەکەدا غەزالی ڕەخنەی لە فارابی و ئیبن سینا گرتوەو تەکفیریکردون، هەرچەندە ئەم دو فەیلەسوفە هەستاون بە شرۆڤەکردنی فەلسەفەی ئەرستۆ ئەم دو فەیلەسوفەش بەڵگەی خۆیان خستۆتەڕو بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم سێ پرسە، بەڵام غەزالی وەڵامیان دەداتەوەو لە هەرسێ پرسەکە بەتایبەت لە پرسی حەشری جەستەو بەئاگابونی خوای گەورە لە هەندەکیەت و بە دەقی قورئان وەڵامیان دەداتەوە، هەرچەندە غەزالی ڕەخنەی لە ڕەهەندێکی فەلسەفە گرتوە، ئەویش مەشائیەکانە، چونکە زانستی کردۆتە (6) بەش وەك زانستی بیرکاری و زانستی لۆژیك و زانستی سیاسەت و زانستی ئاکار و زانستی ئیلاهیات، بەڵام غەزالی هەمو زانستەکانی پەسەند کردوە تەنها زانستی ئیلاهیات نەبێ، کە فەیلەسوفان تێیدا بەهەڵەچون.

## پەراوێزەکان:

(1) غەزالی: ناوی (محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی غەزالیە) ناسناوی ئەبو حامیدە بە (حجة الاسلام، أعجوب الزمان، زين العابدين، بركه الانام، مفتى الامه، شريف الائمه) ناسراوە لە ساڵی (450ك – 1059ز) لە گوندی تابوران سەر بە شاری (توس) لە ئێران لەدایکبوە، لەسەر دەستی (إمام الحرمين جوينى) فێری زانستە شەرعییەکان بوە. یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی هزری ئیسلامی و لەلایەن (نظام الملك)ی وەزیری سەلجوقییەوە کراوە بە مامۆستای خوێندنگای نیزامییە لە بەغداد، دژی باتینیەکان وەستاوەتەوە (الذهبى، 2004: 12/ 186)

(2) مەشائیەکان: فەیلەسوفە پیادەڕەوەکانن ئەو فەیلەسوفانەی کە شوێن ڕێبازی ئەرستۆ کەوتون، ئەم ناوە لە فەلسەفەی ئەرستۆ نرا، لەبەرئەوەی وانەکانی بە ڕۆیشتنەوە دەگوتەوە (ئیبن روشد، 2007: 103).

(3) فارابی(259ك- 339- 870- 950)ز محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی تەرقانە لە شاری فارابی کازاخستان لە دایك بوە، بە دامەزرێنەری فەلسەفەی ئیسلامی دادەنرێت، لە دوای ئەرستۆ بە دوەم فەیلەسوف ناوزەندکراوە. (الذهبى، 2004: 231).

(4) ئیبن سینا شێخ رەئیس ئەبو عەلی ئەلحەسین کوڕی عەبداللە کوری سینا (370- 428ك- 980- 1036ز) کۆچی، لە سەردەمی سلطان نوحی کوڕی مەنصوری سامانیدا ژیاوە، بە دامەزرێنەری فەلسەفەی مەشائی دادەنرێت لە ئیسلامدا. (الذهبى، 2004: 290)

(5) لۆژیك ناوی بابەتێکە و لقێکی سەرەکییە لە لقەکانی فەلسەفە، لە قۆناغی کۆنی یۆنانیدا ئەرستۆ دایهێناوە، وشەیەکی ئینگلیزیە، لە وشەی یۆنانی لۆگۆس وەرگیراوە، کە واتای هزرو گیان دەبەخشێت، دواتر ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی ژیری. (عزیز، 2016: 11).

(6) میتافیزیك: ئەودیو سروشت لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکی بە باتێك بوە ئەرستۆ دەربارەی بون دایناوەو بە پایە بەرزترین توێژینەوەی بون بەگشتی دایناوە لەدواتر بوە بە لقێکی فەلسەفە. (عزیز، 2016: 7)

(7) (یحیی النحوی) ناوی (فیلوبونیس) ناسراوە بە یحیی النحوی فەیلەسوف و زانایەکی لاهوتی مەسیحیە لە ساڵی (490ز) لەدایکبوە و لە ساڵی (570ز) کۆچی دوایی کردوە، لە شاری ئەسکەندەریە ژیاوە (عبداللە، 2022: 2)

(8) برقلس یاخود بروکلوس : فەیلەسوفێکی یۆنانی ئەفلاتونیە لە قوستەنتینیە لە ساڵی (412ز) لەدایکبوە، ئەسکەندەریە جێگیربوە، لەوێ زانستی وەرگرتوە، دواتر چۆتە ئەسینا یەکێك بوەو لەو کەسانەی کە بەتوانا بوە لە زانستی بیرکاری و زانستی زمان. لە ساڵی (485ز) لە ئەسینا کۆچی دوایی کردوە. (الشهرستانى، د.ت، 2/ 477).

(9) حجج برقلس فی قدم العالم: یەحیای نەحوی لەم کتێبەدا لەبارەی پرسی کۆنی گەردونەوە وەڵامی (برقلیس)ی فەیلەسوفی یۆنانی داوەتەوە، کە برقلیس باوەڕی بە کۆنی گەردون هەبوە (هوەیدی، 2002: 157).

## لیستی سەرچاوەکان:

الغزالى (1382)، مقاصد الفلاسفه، تحقیق: سليمان دنيا، شمس تبريزى، ط1، تهران.
الذهبى (2004)، سير اعلام النبلاء، ج14، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، دار المكتبة العلمية، ط1، بيروت.
الذهبى(2004)، سير اعلام النبلاء، ج10، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، دار كتب العلمية، ط1، بيروت.
الذهبى(2004)، سير اعلام النبلاء، ج12، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، دار كتب العلمية، ط1، بيروت.

الزهرانی، موسی بن محمد بن هجاد (2004)، موقف امام ابی حامد الغزالی من الفلاسفه، الرساله غیر المنشوره التی قدمتها الباحث لنیل لرسالة – الماجستیر، فی الفلسفه الاسلامیه، جامعه القاهرة، القاهره.
الشهرستانی، عبدالکریم (2008)، الملل و النصل، ج2، تحقیق: امیر علی منها وعلی حسن فاغور، دار المعرفة، ط9، بیروت.
الغزالی (د.ت)، المنقذ من الضلال، تحقیق: سعد کریم الفقی، دار ابن خلدون، د.ط، اسکندریة.
الغزالی، ابی حامد (د.ت)، الاقتصاد فی الاعتقاد، دار المنهاج، د.ط، د.م.
النجار، عامر (1989)، نظرات فی فکر الغزالی، شرکة الصفا، د.ط، د.م.
النشار، مصطفی(1998)، مدخل جدید الی الفلسفه، دار قباء، القاهرة.
إمام، زکریا بشیر(1998)، لمحات من التاریخ الفلسفه الاسلامیه، دار السودانیه للکتب، ط1، السودان.
ئیبن روشد (2007)، فصل المقال، مرکز دراسات الوحدة العربیة، ط4، بیروت.
ترکی، ابراهیم محمد (2009)، الفلسفة والفلاسفه فی المشرق الاسلامی، دار الکتب القانونیة، د.ط، القاهرة.
حسین، رواء محمود (2016)، الغزالی ونقد الفلسفه، دار الالوکة، تحقیق: انس محمد عدنان الشرفاوی، دار المنهاج، د.ط، بیروت.
حمو، محمدایت (2012)، العقل الحجاجی بین الغزالی وابن رشد، جداول للنشر والتوزیع، ط1، بیروت.
خلف ، فتح الله (د.ت)، فلاسفه الاسلام، دار الجامعات المصریه، د.ط، الاسکندریه.
دوهیم، بیرا (2005)، مصادر الفلسفه العربیة، ت: د.ابو یعرب المرزومی، دار الفکر، ط1، دمشق.
شریف، میان محمد(1365)، تأریخ فلسفه در اسلام، ج2، ت: نصرالله پورجوادی، مرکز نشر دانشگاهی، چ1، تهران.
عبدالمهیمن، احمد (2000)، اشکالیه التأویل بین الغزالی وابن رشد، دار الوفاء، ط1، الاسکندریه.
غالب، مصطفی (1979)، الغزالی، دار مکتبة الهلال، د.ط، بیروت.
مهدی، محمد حسن (2013)، الفلسفة الاسلامیه بین الاصاله والتقلید، عالم الکتب الحدیث، ط1، عمان.
نجار، عامر (1992)، نظرات فی فکر الغزالی، دار المعارف، ط2، القاهرة.
هویدی، یحی (2002)، دراسات فی علم الکلام والفلسفه الاسلامیة، دار الثقافة، ط3، القاهرة.
ئیمامی غەزالی (2018)، دارمانی فەیلەسوفان، و: ئیبراهیم بەهائودین خەتەیی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چ1، سلێمانی.
بیلکا، ئیلیاس (2016)، عەقڵ و عەیب، و: کۆسار بەرزنجی، سەنتەری زەهاوی، چ1، ب.ش.
عەزیز، ڕێکەوت (2012)، ئیمام غەزالی، چاپخانەی ڕێ نوێ، چ1، سلێمانی.
غەزالی (2022)، کیمیای بەختەوەری، و: فەخرەدین ئامێدیان، انتشارات کردستان، چ1، سنەج.